

# گەر تۆ بمریت!

**لازۆ**

(ئەم شیعرە بە هاوبەشی لەگەڵ شاعیرێکەدا نوسراوە لەجێگایەکی دوور ... بەڵام نزیك لە تەنیایی من)

**گەر تۆ بمریت**
**منیش دەبمە کچی مردن**
**شەوەکانم لەگەڵ ئەو پیاوانەدا بەسەر دەبەم**
**کە شەڕ لەگەڵ تەنیاییدا**
**دەیانخزێنێتە باوەشی من**

**گەر تۆ بمریت**
**ئیتر من دەبمە تەشی ڕێس**

دەبمە نانكەری ماڵان،
دەبمە ئەو كیژە سەماكەرەی ،
كە خۆیشی سەر لەو ئاگرە دەرناكا
كە تەنیایی لەجەستەی بەردەدا

گەر تۆ بمریت
من ئیتر شەوەكانی خۆم بە تەنیا و
لە ژوورێكی ساردا بەڕێدەكەم،
لەبری تۆ سەرینێک دەنێمە باوەشم،
بووكەشوشەیەک لە تەنیشتمەوە دادەنێم.

گەر تۆ بمریت
من دەبمە چاگێڕی ئەو پیاوانەی
هیچ نازانن،
شەڕ نەبێت
هیچ نازانن،
توڕەیی نەبێت
هیچ نازانن،
كوشتن نەبێت

گەر تۆ بمریت
ئیتر پێناخەمەوە قوتابخانە
ئیتر ناچم بۆ كتێبخانەكان
ناچم بۆ باخچەكان
بەیانیان پەردەی ژوورەكەم لانادەم،
گوڵەكان ئاونادەم،
سەیری حەوزی ماسیەكانم ناكەم

گەر تۆ بمریت،
کۆڵان پڕدەکەم لە منداڵ،
دەکەومە بەردباران کردنی خەڵک
دەکەومە نووسینی شتی ناشرین لەسەر دیوارەکان
گڵۆپ بە جاددەکانەوە ناهێڵم
سەری پشیلەکان دەشکێنم
دەکەومە هۆها کێشان!

گەر تۆ بمریت
ئیتر من حەوشەکەمان گسک نادەم
قاپەکان ناشۆم
منداڵەکان ژێر ناکەم
قژم شانە ناکەم،
سوراو ناکەم و
وەکو قەرەجێکی بێ ئیش
بە کۆڵاندا
دێم و دەچم.

گەر تۆ بمریت
ئیتر من قژ دەهێڵمەوە
دەبمە دەروێش
دەفێک دەگرم بە دەستمەوە و
بە چایخانەکاندا دەگەڕێم

گەر تۆ بمریت
دەچم لە تەعزییەی ژناندا دادەنیشم،

لە خۆم دەدەم،
قژ بە سەرمەوە ناهێڵم،
سەرم دەنێم لە تەشتێک قوڕ

گەر تۆ بمریت
دەچم چێشتی زیندانەکان لێدەنێم،
ئیشی هەویر بۆ باڵندەکان دەکەم
کولێرەبەڕۆن و پەنجەکێشی دەبەخشمەوە
لەسەر گۆڕی پیاوچاکان،

گەر تۆ بمریت
دەبمە پیسترین جگەرەکیش
جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم،
تەنیایی بە تەنیایی هەڵدەکەم،
سەیری فیلمی هیندی دەکەم،
لەزەت بە لەزەت پێ دەکەم

گەر تۆ بمریت
دەبمە خۆشنووس
کێلی گۆڕەکان پڕ دەکەم لە نووسین،
دەرگای حەوشەکان پڕ دەکەم لە ڕیکلام بۆ نائومێدی
پۆستەری غەریبی دادەکوتم
بە خەتی شکستە
عەرز و حاڵ بۆ مێرووولەکان دەنووسم

گەر تۆ بمریت
من دەکەومە وێنەکێشان
پەڕەی سپی بەدەفتەرەکانمەوە ناهێڵم و
هەر هەمووی دەکەمە وێنەی تێکشکان

گەر تۆ بمریت
ئیتر من نیشتیمان دەخەمە مەزادەوە،
ماڵەکەمان دەخەمە سەر فرۆشتن،
دەچم بۆ سەرقەبران گۆرانی دەڵێم،
سەما دەکەم،
دوایش لەسەر گۆڕەکەی تۆ خۆم دەکوژم

گەر تۆ بمریت
جلەکانم بە خۆڕایی دەدەمە خەڵک
سوراوەکانم دەدەمە کچانی بچووک
ماسکاراکانم،
تەوقەکانم،
ئاوێنەکانم لە دەرگای حەوشەوە تووڕ دەدەم

گەر تۆ بمریت
دەبمە ژنێکی پیر،
دوکانێک لەسەری کۆڵان دادەنێم
نیوەڕوان سەعات دوانزە دەیکەمەوە،
نانەقەیسی، کورسىنەعنا، تەمەرهند و محەلەبی دەفرۆشم
ئێوارانیش دوکانەکەم
لە پیاوی سەرخۆش
پڕ دەکەم

گەر تۆ بمریت
ئیتر من دەکەومە لفکە چنین،
دەکەومە کڵاوچنین و گریان چنین
دەکەومە فیراق چنین

گەر تۆ بمریت
دەچم ئاریالی سەربانی ماڵان تێکدەدەم،
کۆلارەی منداڵان دەدڕێنم،
زمان لە پۆلیس دەردێنم
چۆلەکە دەکوژم
فیکە لە نیشتیمان دەکێشم

گەر تۆ بمریت
ئیتر من دەکەومە خەتم کردنی قورئان
دەبمە ژنێکی نورانی و دەچم بۆ حەج
لە ڕێگە دەمرم و وەسێت دەکەم
تەرمەکەم نەهێننەوە و
لە حیجاز بەژێر خۆڵمەوەکەن

گەر تۆ بمریت
لە نائومێدییدا
خۆم لە حیزبێکدا ناونووس دەکەم،
دەبمە ئەندامی شانەیەکی بچووک،
دەکەومە ڕاپۆرت نووسین،
دەبمە ئاقڵترین و گوێڕایەڵترین کچی حیزب

گەر تۆ بمریت
حەز دەکەم

شەڕ دیسانەوە هەڵگیرسێ
حەز دەکەم کەس نەچێت بۆ پیاسە
کەس نەچیت بۆ سەیران
کەس نەچێت بۆ مەلە
کەس نەیپەرژێتە سبەینێ

گەر تۆ بمریت
هیچ شتێک دادم نادات،
هیچ شتێک ئاوەدانم ناکاتەوە
گەر تۆ بمریت
ناگاتە ئێوارە
دەستم دەچێتە شیعر و
خۆم دەکوژم

2006-2005